The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## تێبینی و پێشنیارەکانی چاک بۆ دەسەڵاتی کوردی و پارێزەرانی کورد سەبارەت بە پرۆسەی دادگاییەکەی دۆسیەی ئەنفال

03 .10 .2006

ئێمە وەکو ناوەندی چاک لەماوەی دانیشتنەکانی دادگا تا 26 ی سێپتەمبەر کۆمەڵێ تێبینی و پێشنیارمان بۆ باشتر سوود وەرگرتن لە پرۆسەی دادگاییەکە خستۆتەڕوو، ئێستاش هەندێ تێبینی و پێشنیاری تر لەمبارەیەوە و هەروەها بەمەبەستی فریاکەوتنی پێداویستیەکان، دەخەینەڕوو:

- وەکو لە پرۆسەی دداگاییەکەدا تائێستا دەرکەوتووە، سکاڵاکەران زیاتر خەڵکی سنوری قەرەداغ و دەوروبەرین، ڕاستە ئەو ناوچانە زۆرترین زیانیان بەرکەوت، بەڵام وەکو دەزانین هێرشەکانی ئەنفال تەنها بۆسەر ئەو ناوچەیە نەبووە، بەڵکو بۆ سەر زۆر ناوچەی دیکەی باشوری کوردستان بوو، بۆیە باشتروایە لەمەودوا هەوڵبدرێت، سکاڵاکەران لە هەموو ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون بۆ دادگا بهێندرێن، تاوەکو بتوانن وێنەی بەرفراوانی شاڵاوەکانی ئەنفال بخەنەڕوو. بەدەرلەوەی کە پێویستە سکاڵاکەری بەهێز بەبێگوێدانە ناوچە بۆ گەواهیدان بهێندرێنە دادگا.
- بەپێی ئەو زانیاریانەی لامانە، دادوەر خۆی سکاڵاکەران هەڵدەبژێرێت، لەو بارەدا مەترسی هەیە باشترین و بەهێزترین سکاڵاکەر بەلاوەبنرێت، ئەوەش زیانی زۆر بە هەوڵی ئاشکراکردنی ڕاستیەکان دەگەیەنێت. بۆیە دەبێ هەوڵ بدرێت، باشترین و بەهێزترین سکاڵاکەر بگەیەندرێنە هۆڵی دادگا. پارێزەرە کوردەکان دەبێ مافی ئەوەیان هەبێت، کە بتوانن ئەو سکاڵاکەرانە ببەنە دادگا کە خۆیان پێویستیانە.
- تەلەڤزیۆنە ئاسمانیە کوردیەکان کەموکوڕیان لە گواستنەوەی پرۆسەی دادگاکەدا هەیە، کەموکوڕیەکان وەکو پچڕان، ناوبڕەتێهاویشتن و وەرنەگێڕان. پێویستە ڕووداوەکانی ناو دادگا ڕاستەوخۆ، بەبێ پچڕان و ناوبڕەتێهاویشتن بۆ بینەران بگوازرێنەوە. هەروەها پێویستە وەرگێران لە هەموو گوتنەکانی ناو دادگا بۆ بینەرانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان بکرێت. خەڵکی کوردستان زۆربەیان لە زمانی عەرەبی ناگەن، ئەرکی سەرشانی دەسەڵاتی کوردییە کە کەناڵێک یا چەند کەناڵێک بۆ گواستنەوە بەبێ کەموکوڕی و بە وەرگێڕانی تەواوەوە ئامادە بکات.
- هەروەها پێویستە کەناڵێکی ئاسمانی تایبەت بۆ بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی تەرخان بکات، بەمجۆرە ڕووداوەکانی ناو دادگا وەرگێڕدرێتە سەر زمانی ئینگلیزی و بە کۆمەڵگەی جیهانی بگەیەنێت. زۆر گرنگە کارەساتی ئەنفال لە زمانی دیتەرانیەوە بگەیەنرێتە هەموو جیهان.
- پێویستە سوود وەربگیرێت لەو پارێزەرانەی بەشداری دادگایی بازرگانی کیمیاوی فرانس ڤان ئەنرات یان کرد، هەروەها پارێزەران و یاساناسانی دیکەی جیهانی کە لە پرسی ژینۆساید دا شارەزان، پێویستە سودیان لێوەربگیرێت، بەتایبەتی ئەوانەی لە کەیسی ڕادیسلاڤ کریستیچ لە دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاریەکانی یوگوسلاڤیا بەشداریان کرد. ئێمە وەکو ناوەندی چاک ئامادەی یارمەتین لەو بارەیەوە.
- پێویستە ئەو شارەزایانەی کە لە ڕێکخراوی جیهانی مافی مرۆڤ بەشی ڕوژهەڵاتی ناوەڕاست، لێکۆڵینەوەیان لەسەر شاڵاوەکانی ئەنفال کرد و بە تاوانی ژینۆساید ناوزەدیان کرد، سوودیان لێوەربگیرێت و وەکو شایەد یا بەشێوەی دیکە کە ڕێگای بەشداریان لە دادگادا دەدات، بەشداری بکەن. چاک ئامادەیە یارمەتی لەو بارەیەوە بڕەخسێنێت. بەڵام ئەگەر حکومەتی کوردستان مسۆگەری خەرجی و ئاسایشی ئەو خەڵکە لە ئەستۆ نەگرێت، یا یارمەتی پێویستمان نەدات، ئێمە وەکو ناوەندی چاک توانامان سنوردارە و توانای ئەوەمان نابێ.

ناوەندی چاک